# دەربارەی قسەکردن

سەردار عەزیز

زمان هەزار-ڕێ(لابرینث)یە. ڤینگشتاین

1-قسەکردن چالاکیەکی تایبەتە بە مرۆڤەوە. کرداری قسەکردن لە ڕێگای زمانەوە فەراهەم دەبێت. زمان کۆمەڵێک داتایە کە مرۆڤ لە میانەی وەرگرتن و بەکارهێنانیا، تەعبیر لە؛ باری سایکۆلۆژی؛ دونیابینی؛ توانای عەقڵ؛ ئاستی کۆمەلایەتی و چەندین شتی تر ئەکات. زمان لە ووشە پێکهاتووە؛ ووشەش لە میانەی مانابەخشینا دەبێتە چەمک؛ کەواتە چەمک، ئەو مانایەیە کە ووشەیەک هەڵیئەگرێ کە لە ڕێی عەقڵەوە پێیبەخشراوە. بۆیە ئەتوانین بە ئاسانی بڵێین؛ زمان چەندێک مادەیەکی کۆمەلایەتیە هێندەش موڵکی تاکە کەسە. بۆیە هەردەم قسەکردن زیاد لە ڕەهەندێک هەڵئەگرێ. ئەگەر قسەکردن ووتراوبێت، ئەوا هەردەم لە هەناوی هەموو گوتراوێکا کۆمەڵێک نەگوتراو هەیە. ئەم نەگوتراوانە یان بە مەبەستەوە ناگوترێن؛ وەک لە قسەی سیاسەتمەداران، یان بێمەبەست؛ کە لەم بارەدا دەکرێ دەبری نەستی کەسی قسەکەربێت.

2- ساتەوەختی قسەکردن؛ ساتەوەختی ڕووبەڕووبوونەوەی دونیایە. کەسی قسەکەر دەیەوێ گوێی لێبگیرێ. حەزئەکا و مەبەستیشیەتی بروای پێبکرێ. لە هەمانکاتا دەیەوێ ناسنامەی خۆی ئاشکراکات. کاتێک کەسێک قسەئەکات، گرنگ نیە دەربارەی هەر بابەتێک بێت، لە میانەی قسەکردنیا هەردەم ئەوە دوپات ئەکاتەوە کە ئەو کێیە. کێیەتی ئەو لە ڕێگای چەمکەکانەوە ڕوون دەبێتەوە کە بەکاریان دێنێت. کەواتە قسەکردن؛ بەیانکردنی کێیەتی خودە بۆ دونیاو ئارەزووکردنی چەسپاندنی دەسەلاتی ئەو خودەیە لە دەوروبەرەکەیا. ئەمە ڕەنگە لەو ڕێتمە کۆمەلایەتیا زیاتر ڕوون بێتەوە؛ کاتێک کەسێک قسەئەکات، لە سەر ئەوانی ترە کە بێدەنگ بن. بێدەنگ بوون خولقاندنی دەرفەت و فەزایە بۆ ئەوەی ئەوەی کەسی قسەکەر دەیلێ بگاتە گوێی ئەوانیتر.

3- دەتوانین بڵێین قسەکردن بەرپرسیاربوونە. کاتێک کەسێک قسەئەکات هەڵوێست وەرئەگرێ؛ هەڵوێست وەرئەگرێ بەرامبەر ئەویتر، لە کاتێکا ئەگەر باسی ژیانی تایبەتی خودیخۆشی بکات. بۆیە هەردەم ساتەوەختی قسەکردن دەبێت ساتەوەختی ئەوپەری ئاگایی بێت؛ ئاگایی بێت لە ناسنامەی خود و ناسنامەی ئەویتریش. لێرەوە هەردەم مەترسی ئەوە لە ئارادایە کە قسەکردن هەرگیز ووتنی ڕاستی نیە، بەڵکو دارشتنەوەی قسەکانە بۆ گونجان لە گەڵ بارودۆخی کۆمەلایەتی و ستاتۆی کەسی گوێگر. لە لایەکی ترەوە شاردنەوەی بەشێک لە ڕاستیەکان ئەرکێکی کۆمەلایەتیە، چونکە کەسێک تەنها لە سەرکورسی مێزی دەرونناس یان هاورێیەکی باوەڕپێکراو دەتوانێ شتەکان هەمووی سەرتاپا بڵێت.

4- قسەکردن هەردەم ڕێگەدانە بەئەویتر بۆ ئەوەی برێک لە زانیاری دەباری کەسی قسەکەر بزانێت. بەخشینی زانیاری بە ئەویتر، هەردەم خستە مەترسی خودەوەیە، (مەعریفە دەسەلاتە). ئەم دۆخە بە تایبەت لە نێوان ئافرەتانی کورددا مایەی سەرنجە. زۆر ئافرەت هەن ئارەزوی ئەوە ئەکەن کە هاورێیەکی نزیکی پیاویان هەبێت، (وەک هاورێیەکم جارێک ووتی؛ ڕەنگە پیاو باشتر تێبگات)، بەلام لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەم پەیوەندیە مەحاڵە. بەلای ئافرەتانەوە هیچ پیاوێکی کورد نابێتە ئەو جۆرە هاورێیەی کە بتوانن بە بێ دوودڵی گرێی دڵی خۆیان لایان بکەنەوە، چونکە هەردەم ئەویتری نێر بە خراپ تێئەگات، پاشان بە خراپ هەڵسوکەوئەکات.

5- کەسێک بۆ ئەوەی قسەبکات دەبێ لە قسەکانی بە ئاگابێت. بە مانایەکی تر دەبێ لە پشت هەموو چەمکێکەوە کە بە کاری دەبات، هەموو ووتەزایە کە بەکاری دێنێت زانیاری هەبێت. بۆ نموونە کاتێک

کەسێک دەڵێت من دیموکراسیم پێباشە وەک سیستەمی حوکمکردن، دەبێ لە پشت ئەو ووتەزایەوە پاشخانێک لە زانیاری هەبێت، کە بتوانێ لە بەرامبەر پرسیارو تێرامانەکانی ئەویترا بەرگەبگرێ. ئەمە نەک تەنها لە ئاستی خیتابی سیاسی بەڵکو لە ئاستی قسەی رۆژانەشدا. بەڵام چۆن کەسێک دەگاتە ئەو ئاستەی کە دڵنیابێت ئەوەی ئەو بروای پێیەتی، تەواوە یان راستە بە جۆرێک کە ئەوانی تریش وایان بۆ باشە کە بروای پێبێنن. یان هیچ نەبێ شایەنی ئەوەبێت بە گوێی ئەوانی ترا بدرێت.

6- ئەم خاڵە ئەمانباتە سەر بەشێکی گەورە لە فیکری فەلسەفی کە تایبەتە بە، چۆنێتی وە دەستهێنانی زانیاری، ئەویش ئیپستمۆلۆژیایە. ئیپستمۆلۆژیا؛ لە دوو ووشەی یونانی کۆن پێک هاتووە، ئیپستیم کە بە مانای زانین یان مەعریفە دێت، وە ووشەی لۆژیا بە مانای زانست دێت؛ کەواتە ئەتوانین بڵێین ئیپستمۆلۆژیا زانستی مەعریفەیە. ئەم بەشەی فەڵسەفە بەلای هەندێکەوە بە گرنگترین بەشی فەلسەفە دائەنرێت. ئەتوانرێ بوترێ بە گشتی ئەم لقەی فەلسەفە بایەخ ئەدات بە سێ لایەن؛ یەک؛ دۆزینەوەی رێگاکانی بە دەستهێنانی مەعریفە، دوو؛ ئاست و مەدای ئەو مەعریفەیە، سێ؛ ئەو ستاندەرانەی کە لە رێگایانەوە دەتوانین حوکم لە سەر ئەومەعریفە بەدەست هێنراوە بدەین.

7- لە ئیپستمۆلۆژیادا، چەندین چەمک و شێواز هەیە بۆ ئەوەی لە رێیانەوە بگەینە دڵنیابوون. لێرەدا بواری ئەوە نیە کە بەسەرجەم ئەو چەمک و شێوازانەدا برۆینەوە، چونکە ئەوە بۆ خۆی چەند کتێبێکی قەبەی پێویستە. لە لایەکی ترەوە، زمانی کوردی لە بەر ئالودەنەبوونی بە فەلسەفە زۆرگرانە بە ووشەکانی دەربارەی ئیپستمۆلۆژیا قسەبکەیت، چونکە کاتێک کە چەمکە لاتینی و یونانیەکان وەردەگێریت ئەو مانایە نادەن کە پێویستە. بەڵام بەگشتی ئەو پرسیارەی کە ئیپستمۆلۆژیا بەسەرمانا ئەسەپێنێ ئەوەیە؛ تا چەندێک ئێمە بە ئاگاین لەوەی کە دەیڵێن، بە چ رێگایەک گەشتوینەتە ئەو ئاستەی دڵنیایی.

8- زمان لە دوو بواردا بوونی هەیەو چالاکە؛ بواری گشت و بواری تایبەت. ئەم دوو بوارە لە پەیوەندیەکی دیالیکتیکان. زمان لە بواری گشتدا، مێژووی هەیە، رەگی هەیە، دەسەڵاتی هەیە، بۆیە هەردەم تاک بە ئاسانی دەکەوێتە ژێرکاریگەری، بەتایبەت ئەگەر هاتوو ئەو تاکە لە تایبەتمەندی تاکی خۆی ئاگادار نەبوو. لە کۆمەڵگایی کوردیا ئاین بەشێکی گەورەی پانتاییەکانی زمانیان داگیرکردوە لە بواری گشتدا، لە گەڵ گەشتنی ئامرازەکانی مۆدێرنەشدا، (جێی ئاماژە پێکردنە کۆمەڵگای ئێمە ئامرازو دەزگاکانی مۆدێرنەی پێگەشتوە و بەکاری دەهێنێ، بەبێ ئەوەی بە پرۆسەی مۆدێرنەدا تێپەرێت)، میدیا برێکی باشی ئەو ناوەندەی داگیرکردوە. بۆیە ئەمرۆ ئاین و میدیا بەرهەم هێنێ حەقیقەتن، لە هەمانکاتدا فۆرمەلەکەری رای گشتین. لە ئەنجامدا سەرچاوەی سەرەکی ئەو قسانەن کە تاکەکانی کۆمەڵ ئەیانکات. بۆیە قسەکردن یان شێوازی زاڵ لە خیتاب هەردەم پەیوەستە بە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە ئارکیولۆژیای مەعریفەدا میشێل فۆکۆ بە دوور و درێژی باسی لێوەئەکات.

9- ئەگەر ئاین و میدیا بەرهەمهێنی قسەکردن بن لە کۆمەڵگای ئێمەدا، ئەوا کۆمەڵگای ئێمە، لە رووی قسەکردنەوە رووبەرووی قەیرانێکی دژوار دەبێتەوە ئەویش قەیرانی ئازادیە. کە ئەتوانین ناوی بنێین ئازادی رادەربرین. ئاین هەر ئاینێک بێت، لە هەر کۆمەڵگایەک بێت، هەردەم و هەردەم جمکە لە گەڵ تابودا. هەر ئەمەیە لە هەمانکاتدا زەمینەی ئاسانکردوە بۆ ئەوەی دەسەڵات، لە هەر شێوازێکا بێت، هەردەم تا رادەیەک بە ئاسانی بتوانێ بێدەنگی بسەپێنێ. مرۆڤ تا ئەو کاتە مرۆڤە، کە ئەتوانێ قسە بکات. ئەگەر مافی قسەکردن نەما ئەوا مرۆڤ یان مردوە یان لە مرۆڤ بوو کەوتووە.

10- رەهەندێکی تر کە ئاین لە مێشک و پاشان بیرکردنەوەی مرۆڤی کورددا چەسپاندویەتی، بروابوونە بە ئەفسانە، یان موعجیزە. (من لێرە باس لە ئاین ناکەم چەندێک لەم دوو چەمکە پێک هاتوە، بەڵکو تا چەندێک کاریگەریان هەیە لە سەر برواهێنانی ئێمە بە قسەو دیاریدەکان). ئەفسانە هەردەم گەورەترە لە واقیع. ئەدەب بۆ خۆی کە ئەتوانرێ بە ژانرێکی نزیک لە ئەفسانە سەیربکرێ

هەردەم گەورەکردنی رووداو دیاریدەکانی بەشێکی سەرەکی بووە لە شێوازی دەربرین. ئەم دیاریدەیە تا ئاستێک جیهانیە. بەلام لە کۆمەڵگای کوردیا هەلاوسانی زمان لە میانەی قسەکردنیا لە سەر کەسێک یان دیاریدەیەک فینۆمینەیەکی مایەی تێرامانە. هەر لێرەوە، هەردەم بڕوابوون، بڕوابوونێکی توندرەوە. کەسێکی ئیماندار ئاینەکەی کلیلی سیحری هەموو دەردو کێشەکانی دونیای پێیە. کەسێکی سەر بە پارتێکی سیاسی، حیزبەکەی ئەوەندە چاکە و بێوێنەیە نە جێی رەخنەیە و نە ئەڵتەرناتیڤیشی هەیە. ئەمە سەرچاوەی نەبوونی دایالۆگە لە نێوان دوو کەس یان دوو لایەنی جیاوازدا. بۆیە قسەکردن لە کۆمەڵگایی ئێمەدا هەردەم یەک رەهەندی هەیە، یان مۆنۆلۆگە. هەموو قسەکردنێکیش چ لای کەسێکی ئاینی یان سێکیولار (عەلمانی) لە دڵنیاییەکی ئاینیەوە سەرچاوە ئەگرێ.

11- دیارە دڵنیابوون مەبەستی هەموانە، بەلام دڵنیابوونێک کە لە ئەوپەری ئاگاییەوە لە ئەنجامی پرۆسەیەکی پر لە پرسیارکردنا پێی گەشتبین. دڵنیابوونی کوردی، دڵنیابوونێکی بێئاگایە؛ کە زیاتر لە گێلیەوە نزیکە. یەکێک لەو چەمکانەی کە ئەنتی ئیسیسە، دژەبەرامبەرە، لەگەڵ دڵنیایدا گومانە. ئێمە تا دڵنیایمان زیادبێت گومانمان کەم دەبێت، وە هەروەها بە پێچەوانەشەوە. بەلام گومان چۆن دێت. ئایا تەنها رێگایە بۆ گەشتنە راستی یان دڵنیایی. دیارە لە وەلامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین نەخێر. بەلام گومان رۆلێکی سەرەکی دەبینێ لە گەشتن بە راستی بەتایبەت لەو چەمکانە کە دەربارەی کۆمەڵگاو پەیوەندیەکان و سیاسەتن. گومانکردن هەوڵێک نیە لە پێناوی گومانکردندا، بە مانایەکی تر ئێمە گومان ناکەین بۆ ئەوەی لە گوماندا بمێنینەوە، بەڵکو ئامانجی گومانکردن گەشتنە بە دڵنیایی. گومان ئەگەر پرۆسەیەک بێت بۆ گەشتنە دڵنیایی ئەوە یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ئەوەیە کە پرۆسەیەکی تاکەکەسیە. بەو مانایە؛ بۆ ئەوەی کەسێک لە رێی گومانەوە بگاتە دڵنیایی ئەوە خۆی بە تەنها گومانبکات و ئەوە بەلایەوە گرنگ نەبێ چەندێک خەڵکی براوایان بە شتەکان هەیە یان نا. لە کۆمەڵگایی ئێمەدا زۆرن ئەوانەی براوایان بە شتێک هەیە، مایەی قسەو باسە لایان تەنیا لەبەرئەوەی ئەوانی تر براوایان پێیەتی.

12- بۆ ئەوەی زیاتر چەمکی گومانکردن روونکەینەوە؛ پێویستە باسێکی رێنیە دیکارت بکەین. گەورە فەیلەسوفی فەرەنسی، ئەو سەردەمەی ئەوی تیا ژیا، 1596-1650، رۆژانێک بوو ئەوروپا نوقم بوو لە شەری ئاینی. لە لایەکی ترەوە خەڵکی دابەشبووبون بە سەر دوو بەرەدا بەریەک براوایان بە تیورە کۆنەکانی ئەرستۆ هەبوو بۆ لێک دانەوەی دونیاو فیزیک، لە لایەکی ترەوە چەند تیورەیەکی نوێ لە سەرهەڵدانابوون و لایەنگریان بۆ پەیدا دەبوو، ئەوانیش تیورەی کۆپەرنیکۆس، کیپلەر و گالیلیو. تا ئەو رۆژانە هیچ تیروانین و تیورەی نوێ نەبوو دەربارەی ئیپستمۆلۆژیاو چۆنێتی بە دەستهێنانی مەعریفە. ئەوەی هەبوو تەنها ئەوانە بوون کە لە سەردەمی گریکەوە مابوونەوە. دیکارت هەرچەندە لە سەر فەلسەفەی ئەرستۆ راهێنرا بەلام کەوتە ژێر کاریگەریەکی زۆری بیرکاریناسی هۆلەندی ئیسحاق بێکمان.

دیکارت لە نامەیەکا بۆ بێکمان ئەنوسێ؛ تەنها تۆ، توانیت رزگارمکەیت لە بێئاگایی. کە لە ساڵی 1628 گەرایەوە بۆ پاریس، بینی لەوێش بە هەمان شێوە خەڵکی و بیریاران وەک جێگاکانی تری ئەوروپا دابەشبوون بە دوو بەشەوە، برێکی زۆریان گەشتبوونە دۆخی گومانی هەتاهەتایی (سکێپتیزم). بەلام دیکارت رازی نەبوو بچێتە هیچ لایەک و تەسلیمی سکێپتیزمیش نەبوو، ئەو بە دوای دڵنیاییدا ئەگەرا. هەر زوو پاریسی بەرەو وولاتی هۆلەندا جێهێشت. لەوێ گەشتە ئەو براوایە کە پێویستە بە سەرجەم ئەو شتانەدا بچێتەوە کە براوای پێیان بووە، هەرهەموویان بخاتە ژێر گومانەوە، تەنها براوای بەو براوایانەی بمێنێ کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێ گومانیان لێبکرێ. ئەو دەڵێ؛ کاتێک کە من هەولم ئەدا

کەوا بیربکەمەوە کە هەمووشتێک هەڵەیە، من خۆم هەستمئەکرد کە لە میانەی بیرکردنەوەدا کەسێک یان شتێکم. هەرئەمە وای لێکردم کە بگەمە ئەم راستیە، من بیرئەکەمەوە کەواتە من هەم.

13- دیارە پرۆسەی دیکارت بۆ گەشتن بە مەعریفە، کە ئەگەر بکرێ لە دیرێکدا کورتی کەینەوە ئەوا دەڵێین؛ گومان ئەکەم تا ئەو ساتە وەختەی گومانم نامێنێ. نەک هەر پرۆسەیەکە بۆ گەشتن بە مەعریفە، بەڵکو ئەگەر بێتوو پێی ئاشنا ببین، ئەوا سەرتاپا شێوازی قسەکردنمان ئەگۆرێ. چونکە لە دەرئەنجامی پرۆسەی گومانکردن دەبینە خاوەن زۆرترین زانیاری دەربارەی ئەو چەمکەی کە بروامان پێهێناوە. ئەمەس وامان لێئەکات لە میانەی قسەکردنماندا هەردەم پشت بە زانیاری ببەستین و بتوانین بەبێ هیچ سڵکردنەوەیە لە گەڵ بەرامبەردا بکەوینە ئارگویمێنت یان دایەلۆگ. کرداری گومانکردن لە هەمانکاتدا نەرمیەکمان تیا ئەچێنێ بەرامبەر گومانی ئەویتر بۆ تێزەکانمان، لە هەمانکاتدا ئاشنامان ئەکات بە پرسیارکردن. گومان لە موتڵەقگەرایشمان ئەخات. لە ئەنجامدا فێر دەبین بەبێ ترس لە بەرامبەر ئەویتردا بکرێینەوە. سەرەرای هەموو ئەمانە لە یەکێک لە دەردە کوشندەکانمان رزگارمان ئەکات ئەویش دەردی خۆش بروابییە.

14- دیکارتیەت قۆناغێکی نوێ بوو. قوناغێک کە شێوازی دەربرینی مرۆڤ تیا گۆرا. مرۆڤ لە دەربرینێکەوە کە لە فەزای تیولۆژیاو ئاینەوە سەرچاوەی ئەگرت؛ هەردەم بە دڵنیاییەکی بێ پاساو و توندرەوی و هەڵچوونەوە ناسرابوو، گواستیەوە بۆ قۆناغێک کە عەقڵ، تەنها تەنها عەقڵی مرۆڤ خۆی تیا باڵادەست بوو. ئەمە بەو مانایە نیە کە عەقلانیەت دەرمانی هەموو دەردان بێت یان بە یونانیەکەی پاناسیا. چونکە بە پێی عەقلانیەت، مرۆڤی عاقڵ ئەو مرۆڤەیە کە بەردەوام بەدوی خۆشی و بەرژەوەندی خۆیدا ئەگەرێ. بەم پێیە، هەر ساتێک درۆ لە قازانجی ئەم مرۆڤەبوو ئەوا عەقلانیەت رێی پێئەدا کە درۆبکات. دیارە درۆ بەشێکی هەرەزۆری قسەکردنی مرۆڤ پێک ئەهێنێ. قسەکردن لەسەر درۆ ئەمانباتە پانتاییەکانی ئێثک؛ بۆیە ئەبێ قسە لەسەر لیڤیناس و ئالان بۆدوی بکەین. ئاشکرایە کە ئێثیک لە کۆمەڵگایی کوردیا بابەتێکی قسە لەسەر نەکراوە، بۆیە هەوڵی زۆرو کاتی تایبەتی دەوێ.

15- ئەگەر ئاین و ئایدەلۆژیا بەشی زۆری عەقڵی کوردیان داگیرکردبێ، ئەگەر هەشبن لەدەرەوەی ئەم دووچەمکە خۆیان دانێن، بەڵام لە رووی مامەڵەکردن و تێگەشتنەوە هەر سەر بەو دوو چەمکەن. چونکە راستیەکی حاشا هەڵنەگرە، هەردەم ژیانی دڵنیایی ئاسانترو خۆشترە لە ژیانی نادڵنیایی. لە کاتێکا مرۆڤ، مرۆڤی رۆژهەڵاتیش دەمێکە لەوە بە ئاگایە کە مەحاڵە ببێتە خاوەنی هەموو راستیەک. فیلێک لە تاریکیا، چیرۆکێکی ئەلەگۆریە، کە لەلایەن سۆفیەکانەوە، بە تایبەت جەلالەدینی رۆمی و ئیمامی عەزالیەوە باسی لێوەکراوە، لەم دوایانەشدا لەلایەن گەورە بیریاری ئەمریکی نوئوم چۆمسکیەوە بەکاربراوە بۆ قسەکردن لەسەر عەقڵی گشتی (پۆبلیک مایند). بەپێی ئەم چیرۆکە، ئەگەر هاتوو کەسێک هیچی دەربارەی فیل نەبیستبێ، بۆ یەکەم جار لە تاریکیدا بە چاو بەستراوی بچێتە لای فیلێک، ئەوا ئەگەر دەستی بەر قاچەکانی کەوێ بێگومان دەڵێ ئەمە پایەیە، ئەگەر دەستی بەر کلکی بکەوێ ئەوا دەڵی پەتە، وە هەروەها. لەم روانگەیەوە ئێمە هەرگیز ناتوانین ببینە خاوەن سەرجەم حەقیقەت. بەپێی چۆمسکی هەر لەخانەیەکەوە تا سەرجەم کۆمەڵگایی نێودەوڵەتی، تێگەیشتنمان بۆی پشت بە چۆنێتی تێروانینمان دەبەستێ. وە دەکرێ چەند تێگەیشتنی جیاوازمان هەبێ بۆ هەمان شت بە پێی گۆشەی تێروانینمان. کەواتە ئێمە هەردەم خاوەنی بەشێک لە حەقیقەتین.

16- لە کۆمەڵگایی کوردیا قسەکردن، بە هەموو کاتاگۆریەکانیەوە، چ خەڵکی سادە، لە میانەی کاری رۆژانەو هاورێتیاندا، چ سیاسەتمەداران، چ میدیا، سەرجەم لە دۆخی سروشتیان. چەمکی سروشت، مەبەست لێی ئەو بوونەوە کە لە دەرەوەی دەست تێوەردانی مرۆڤە، بەو مانایە هەرچەندە رەنگە بەکاربێت بەڵام لە لەلایەن بەکارهێنەرەوە گۆرانی بەسەرانایەت. بۆیە زۆر گرانە جیاوازی بکەی لە نێوان قسەی تاکەکەس و قسەی کۆمەڵ. نەبوونی جیاوزی لە نێوان گشت و تاکدا مایەی

سەرلێشێوانە. ئەم فینۆمینەیە بە دڵنیاییەوە وەک هەموو دیاریدەکانی ژیانی مرۆڤ رەگی قووڵی لە یاساو رێتمەکانی کۆمەڵگادا، کە رەنگە لێرەدا بواری باسکردنمان نەبێ، بەڵام لە کورتترین شێوازدا بریتیە لە سەرهەڵنەدانی تاکەکەسی جوداو سەربەخۆ لە کۆمەڵگایی ئێمەدا.

17- کچێکی هاورێم لە سلێمانی کاتێک باسی ئەگەری چون بۆ ئیسپانیام کرد بۆ ئیشکردن لە بنکەی گرنیکا بۆلێکۆڵینەوەی ئاشتی، ئەو خێرا پێی ووتم؛ ئیسپانیا ئەو وولاتە ناخۆشە! توخوا بۆچی ئەچیت بۆ ئەو وولاتە ناخۆشە. من زۆرم بەلاوە سەیربوو چۆن کەسێک ئەتوانێ بزانێ جێگایەکی تر ناخۆشە، بەبێ ئەوەی ئەو وولاتەی دیبێت، یان تەنانەت لە ژیانیا هیچ کەسێکی ئیسپانی دیبێت. چۆن کەسێ ئەتوانێ بگاتە ئەو دڵنیاییە. دیارە بۆ ئەوەی زانیاریمان دەربارەی وولاتێک دەستکەوێ دەبێ یان تیا بژین یان بە هەر رێگایەک بێت زانیاریەکی باش دەربارەی کۆکەینەوە. بەڵام بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی دەیڵێین بەتایبەت لە هەلومەرجێکی وەهادا، ئەوا باشترین شێوازی کۆکردنەوەی مەعریفە، ئەزمونکردنە. ئەو چەمکەی کە کانت، لە کتێبی رەخنەی عەقڵی رەها، کارێکی زۆری لەسەرکرد. دڵنیابوون بەبێ ئەزمونکردن، دڵنیابوونێکە لە نائاگاییەوە سەری هەڵگرتوە. کە لە دەرئەنجامدا دڵنیاییەکی بێ بنەمایە. لێرەدا سیمایەکی تری دۆخی سروشتی قسە سەرهەڵئەدا؛ وەرگرتنی بیرۆکەیەکە لە دەمی کەسێکی ترەوە و ووتنەوەی بەبێ هیچ پرسیارکردنێ یان گومانکردنێ. مەترسی ئەم دیاریدەیە لەو کاتانەدا دەرئەکەوێ کاتێک کە کەسەکان قسەکان لە سیاسەتمەدارو میدیاکانەوە وەرئەگرن و ئەیڵێنەوە. وەک چۆن باوباپیرانمان لە دەمی شێخ و مەلاکانیان وەرگرتوەو لە بەر کاریزمایی کەسایەتیان بەلای ئەوانەوە و بروابوون بەوەی ئەوان نوێنەری دەقێکی پیرۆزئەکەن، هەرگیز زاتی ئەوەیان نەکردوە بچوکترین گومان بکەن.

18- لەبەرامبەر ووتراودا نوسراو هەیە. کۆمەلگایی ئیمە کۆمەلگای دەق نیە، بەڵکو کۆمەلگایی زارە. لە کۆمەلگای زاردا قسەکەر هەردەم قسەکانی بە جۆرێ دائەرێژێ بۆ ئەوەی بۆ زۆرترین کات لە یادەوەریا بمێنێتەوە. ئەم دارشتنە چەندین شێواز لە خۆی ئەگرێ؛ وەک بەکارهێنانی، وەزن و قافیە، (هەبوونی سەجەعێکی زۆر لە دەقی ئاینیا، بۆ هەمان مەبەستە) زیادەرۆی و گەورەکردنی وەسف. سوکایەتی، بریندارکردن، لە هەندێ رووەوە قسەکردنیش بە دەنگی بەرز. دیارە ئەم کەلتورە هاتوەتە ناو کەلتوری نوسراوی ئێمەشەوە. بەوەی کاتێک ئێمە دەنوسین، کەلتورێکی زارەکی ئەنوسین، بۆیە رەنگە هەڵە نەبین ئەگەر بڵێین جوێن بەشێکی گەورەی نوسراوی ئەمرۆی کوردیە.

19- قسەکردن لە کۆمەلگای ئێمەدا وەک لە سەرەوە ووتمان هێشتا لە دۆخی سروشتیدایە. کەسەکان بەکاری دەبەن وەک بەشێکی خۆویست لە جەستەیان. ئەم دیاریدەیە لە ئەنجامی نەبوونی ئاگاییە بەرامبەر زمان و شێوازەکانی. زمان بەتایبەتی زمانی کۆمەڵ، چونکە زمانی تاک هێشتا ئەو سەربەخۆییەی وەرنەگرتوە، زمانی بالایەو کەسەکان تیانوقم بوون. فینگشتاین، فەیلەسوفی ناسراوی زمانەوانی دەڵێ؛ بۆ تێگەیشتن لە بونیادی عەقڵی یان بیرکردنەوەی، کۆمەڵەیەک پێویستە لە زمانی رۆژانەیان ووردبینەوە. زمانی رۆژانە بۆ سەردەمانێک بابەتی فەلسفەبوو بە تایبەت فەیلەسوفانی ئۆکسفۆرد. بەڵام بە هاتنی، هیرمۆنتیکا، بونیادگەری، هەڵوەشانەوە، ئەم قوتابخانەیە برەوی لە دەستدا، هەرچەندە ئەمرۆ بەشێکی زۆری فەلسەفەی ئەنگلۆساکسۆن، لە شێوەی ئەنالاتیکایە، کە پەیوەندی پتەوی بە فەلسەفەی زمان و فەلسەفەی قسەی رۆژانەوە هەیە.